REWAN
ڕەوان

رۆژنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری ڕاگەیاندن‌و روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ | ژمارە (١٢٧) ساڵی شەشەم | نرخی (٢٥٠) دیناره

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

رۆزا حسێن "جێی داخی منە کە دەبینم لەم نێوەندەدا ئەم بزووتنەوەیەو داواکارییە سەرەتاییەکانی باسیان غائیبەو دەمەقاڵە تەنها لەسەر حیزبایەتیی و کوردایەتیی و دژایەتی یەکترو بردنەپێشەوەی شەڕە شەخسییەکان و تەسفییەکردنی حساباتە شەخسییەکانە". ل٦

ئاسایش بەهاوکاری سەنتەر بکوژانی (ش) دەستگیر دەکات

کەسێک سەردانی سەنتەری ڕاگەیاندن‌و روناکبیری ژنان دەکات‌و پێیان ڕادەگەیەنێت کە ئەو تەرمە سوتێنراوەی لەکۆیە دۆزراوەتەوە تەرمی (ش)ەو لەلایەن باوکیەوە کوژراوە، سەنتەریش پەیوەندی بەئاسایشەوە دەکات‌و ئاسایشیش بکوژانی (ش) دەستگیر دەکات‌و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.

کۆتایی مانگی ئایار دۆزینەوەی تەرمی ژنێک ڕاگەیەندراو ئەگەرچی لەلایەن ئاسایشەوە هەوڵدرا ناسنامەی بزانرێت، بەڵام کەس هەواڵی تەرمەکەی نەپرسی‌و خاوەنی نەبو و نەشناسرایەوە، چونکە پاش کوشتنی سوتێنرابوو.

ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/٣١ کەسێک سەردانی سەنتەری ڕاگەیاندن‌و روناکبیری ژنان دەکاتو پێیان ڕادەگەیەنێت کە ئەو ژنەی تەرمەکەی دۆزراوەتەوەو پاش کوشتن سوتێنراوە (ش)ەو باوکی کوشتویەتی‌و سوتاندویەتی‌و بڕیاریشی داوە کە شەو بەماڵ‌و منداڵەوە بەرەو هەولێر هەڵبێن.

سەنتەر ئاسایش ئاگادارەکاتەوەو ئەو کەسەش دەنێرێتە لایان کە ئاگاداری ئەو تاوانەیەو ئاسایشیش لێکۆڵینەوە دەست پێدەکات‌و باوکی (ش) کە بکوژەکەیەو هەریەک لە (ر) و (س) دەستگیر دەکات کە تەرمەکەیان سوتاندووە، دایکی (ش) یش دەستگیر دەکرێت بەتۆمەتی هاوکاری کردنی هاوسەرەکەی لەئەنجامدانی تاوانەکەو لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.

لەلاپەڕە (٥)دا ریپۆرتاژێک دەربارەی ئەو تاوانە دەخوێنیتەوە.

لێدوانی بەرپرسی سەنتەر لەسەروبەندی دەستگیرکردنی بکوژی (ش)دا

پاش ئەوەی کە پێیان ڕاگەیاندم ئەو جەستەیەی لەکۆیە بەسوتاوی دۆزراوەتەوە بکوژەکەی لەناو شاری سلێمانیدایەو بەنیازی سەفەرە، دەستبەجێ پەیوەندیم بە سەرکەوت حەسەن بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی کردو هەواڵەکەم پێڕاگەیاندن‌و ئەوانیش دەستبەجێ ئیجراتاتیان دەستپێکردو بۆ ڕۆژی دوایی بکوژەکەیان دەستگیرکردو تا ئەمڕۆش لێکۆڵینەوە بەردەوامە. لە ئێستاشدا سەرگەرمی بەدواداچوونی شوێنپێی بکوژەکەی (پەخشان) و باوکین کە لەژمارە (١٢٥)ی ڕۆژنامەی (ڕێوان) دا ئاماژەی پێدراوە.

بەڵێنمان داوەو دووپاتی دەکەینەوە کە لەهەر شوێنێك گوێبیستی کوشتنی ژنێك بین‌و شوێنپێی بکوژەکەی بزانین لێی خۆشنابین‌و دەیدەینە دەست یاسا،

جێگەی خۆیەتی سوپاسی هاوکاری ئاسایشی سلێمانی‌و سەرجەم ئەو دەزگایانە بکەین کە هاوکاریمان دەکەن.

روناک رەئوف سەعید

لە ڕۆژئاوای کوردستان کۆمەڵەی ژنان دامەزرا

دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە بەیاننامەیەکەدا ڕایانگەیاند پاش مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ لایەنە سیاسی ڕۆشنبیری‌و کەسایەتیە نیشتمانیەکاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵەیەك ڕابگەیەنن.

لەبەیاننامەیەکدا کە لە مانگی ٥ دا ڕاگەیەنراوە کۆمەڵەیەك کەخۆیان بە کۆمەڵەی ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستاندا ناساندووە هاتووە: پاش مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ لایەنە سیاسی‌و ڕۆشنبیری‌و کەسایەتیە نیشتمانیەکان بەپێویستمان زانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان بێتە ئاراوە، ئەو ڕێکخراوە ئامانجی لەخۆگرتنی ئازارو ئەشکەنجەی ژنانەو دەیەوێت لە ڕێی ڕاپرسیەوە کارەکانی ئەنجام بداتو داوای مافەکانی ژنان بکات ئەوەش لەو بڕوایەوە کە ڕزگارکردنی ژنان بەرپرسیارێتی خودی ژنانە.

بەپێی ڕاگەیاندنەکە دەستەی دامەزرێنەران خۆیان بۆ مافی مرۆڤانەی ژنان تەرخانکردووە بەجۆرێك لەگەڵ یاساو بەڵگە نێودەوڵەتیەکاندا بگونجێت.

پاش کۆبونەوەی پارلەمان بڕیاردرا کچانی مارەبڕ ئازادبکرێن

بەپێی ڕاسپاردەکانی دواکۆبوونەوەی تاوتوێ کردنی دۆزی کچانی (مارەبڕ) دەبێت لەئایندەیەکی نزیکدا یاساو فەتوایەکی تایبەت بەرزگارکردنی ئەو کچانە ڕاگەیەنرێت.

سەرەتای ئەو کۆبونەوەیەی پارلەمان کە تایبەت بوو بەپرسی ئەو کچانەی بەمنداڵی مارە کراون بەوتەیەکی (پەخشان زەنگەنە)ی ئەندام پارلەمانو بەرپرسی لیژنەی ئافرەتانی پارلەمان دەستپێکرد، ئەو لەوتەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لەئەنجامی ئەو ئامارانەی کە لەلایەن سارا فەقێ خدر ئەندامی پارلەمانو سەنتەری ڕاگەیاندن‌و روناکبیری ژنان‌و مافی مرۆڤی ڕانیە بڕیاریانداوە بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك ئەو کۆبوونەوەیەی پارلەمان ئەنجام بدەن، لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی ٦/٦/ ٢٠٠٦ لەتەلاری پارلەمانو بەئامادەبوونی نوێنەرانی ژمارەیەك لەڕێکخراوەکانی ژنان‌و مافی مرۆڤ‌و زانایانی ئایینی سازکراتیایدا کۆمەڵێك بابەت پێشکەش کران.

لەلاپەڕە (٢)دا ڕاپۆرتێکی تایبەت بە کۆبونەوەکە دەخوێنیتەوە.

نەوال سەعداوی

"ئێستا ناوم نەوال زەینەب سەعداوییە!"

دەستەی نوسەرانی گۆڤاری "یەکێتی ژنانی میسر" کە لەلایەن ڕێکخراوێکەوە بەهەمان ناوەوە دەردەچێت بەسەرکردایەتی ژنە پزیشکو ڕۆماننوسی میسری (د. نەوال سەعداوی) بڕیاریاندا نوسەرانیان بەژنو پیاوەوە ناوی خۆیان بەناوی دایك‌و باوکیانەوە بڵاوبکەنەوە، ئەمەش هەنگاوێکەو وا چاوەڕوان دەکرێت ڕەتکردنەوەی ئاینی‌و کۆمەڵایەتی بوروژێنێت.

لە لاپەڕە (٣) دا بابەتێکی تایبەت بە هەڵوێستەکەی د. نەوال دەخوێنیتەوە.